# سەدام و بن‌لادن

شادمان سالح

ئوسامەبن‌لادن وسەدام حسێن وەک دوو دوژمنی وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە نێوەندی سیاسی و عەسکەری ئەو وولاتەدا ناسراون وبەهەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندیەکانیان دا دەنرێن، بەرامبەر ئەم بۆچونانە لە نێو جیهانی ئیسلامیدا بە دووفریاد ڕەس و ڕزگارکەری ئیسلام ناسراون و وێنەکانیان پێکەوە بەرز دەکرێتەوە و بەتاکە بەرهەڵستکاری ئەمەریکا دەژمێردرێن، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەدارشتنە تەواو پێچەوانەیە.

بەبێ ئەوەی بچینە ناو جیاوازی و لێکچونیەکانیانەوە هەوڵدەدین ڕاستەوخۆ بچینە ناو باسەکەوە، جگە لەوەی پێویستە ئاماژەبەوە بدەین کە ئەم دوو کەسە خۆیان وەک (سەرکردەیەکی ئیسلام) ناساندووە کە بۆتەخاڵێکی هاوبەش لە نیوانیاندا.

سەرەتا با لە سەدام حسێنەوە دەست پێبکەین، کاتێک لە ساڵی ١٩٩٠دا کوێتی داگیر کرد بەم کارەی خزمەتێک گەورەی ئەمەریکای کرد کە توانیان هێزەکانیان بهێننە کەنداو و نزیک ببنەوە لەدەوڵەمەنترین کانە نەوتەکانی جیهان، کە پێشتر هیچ پاساوێک نەبو بۆ ئەمریکا کە هێز بێنێتە ناوچەکە، هەڕشەکانی سەدام پاڵی بە دەووڵەتانی دوورگەی عەرەبیەوەنا کە بە خێرای ڕەزامەندی خۆیان بۆ ئەمریکا دەربڕن بەرامبەر هێنانی هێزەکانی بۆ ناوچەکە، نۆرمان شوارسکۆف لە پەرتوکەکەیدا کە لە بارەی (جەنگی کەنداوە) وە نووسیویەتی: کاتێک کە چووینە لای مەلیکی سعودیە بۆ ئەوەی مۆڵەتی هێنانی هێزەکانی لێوەرگرین بۆ سعودیە، مەلیک چاوەڕێی نەکرد کە وەرگێڕەکە ( okوەڵامەکەمان بۆ وەرگێڕێت بەڵکو خۆی بەو ئنگلیزیە کەمەی دەیزانی وەڵامیداینەوە و ووتی

جگە لەوەی ئەوجەنگە بووە تاقیکردنەوەی چەندین چەکی ئەمریکی تازەدرووست کراو، هەر لە ئەنجامی ئەو جەنگەبوو دەووڵەتانی دوورگەی عەرەبی کەوتنە خۆ پڕچەک کردن کە باشترین بازاڕی بۆ ووڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکیا پەیداکرد، وە جەنگی ڕزگار کردنی کوێت بووە باشترین مەیدان بۆ نیشاندانی هێزی ئەمریکی لە دوای شکستی جەنگی ڤێتنام.

ئەنجام داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە، ئەمریکا سودمەندی گەورە بوو لەو جەنگە و زەرەمەندی گەورەش عێراق بوو کە ئابلۆقەی ئابووری بەسەردا سەپێنرا و نزیکەی یەک ملیۆن عێراقی گیانی لە دەستدا. . . . . هتد، وە دەوڵەتە عەرەبیەکان و دەوڵەتە ئیسلامیەکان بەژێردەستەی و بێ دەسڵاتی و بێ توانا مانەوە تەنانەت بەرامبەر مافەکانی خۆشیان، هەر وەک لێپرسراوێکی بەرزی ووڵاتانی کەنداو ووتی هیچ دەسەڵاتێکمان نیە بەرامبەو ڕووداوەکان.

هەر لە ئەنجامی هاتنە ناوەوەی سەربازی ئەمریکی لە ناوچەی کەنداو ئوسامەبن‌لادن وەک بەرهەڵستکارێکی ئەمرێکا لە مەیدانەکەدا دەرکەوت، هەرچەندە ئەوساتانەی کە بن‌لادن خەریکی جەنگ بوو دژی سەربازەکانی یەکێتی سۆڤیەت (دەزگای سیخوڕی ئەمریکی) یەکێک بوو لە پاڵپشتەکانی بەڵام لەدوای پەیدابوونی سەربازی ئەمریکی لەدوورگەی عەرەبدای کۆتای هاتنی جەنگی ئەڤغانستان، لێدوانەکانی بن لادن پڕبوون لەهەڕەشە بۆ سەر ئەمەریکا وتەنانەت خەڵکی سیڤلیشی لێدەر نەکرد. ئەولێدوانانەی بن لادن سودی هەبوو بۆ ووڵاتەکگرتووەکانی ئەمریکا.

چونکە ئەمریکا پێویستی بەبوونی دوژمنێک هەیە بۆ باڵا دەست بوونی لەجیهاندا. هەروەک وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمریکا هنری کیسنجر لە کتێبی (دبلۆماسیەت) دا دەڵێت« ئەوەی کەئەمریکا پێویستیەتی هەڕەشەیەکی ئاشکراو ئایدۆلۆژیەتێکی دژ» ئەو هەڕەشەیەش لەدووای ڕمانی دیواری بەرلینەوە کۆتای هاتبوو بەڵام بەدەرکەوتنی بن لادن

**هەڕەشەو دوژمنی ئاشکرا بۆ ئەمریکا پەیدا بوو. بڕوا بوونی شەقامی ئیسلامی بەبن لادن وەک ڕابەرێکی ئیسلام وبەهێزبوونی (قاعیدە) و بێ هەڵوێستی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەتایبەتی و دەوڵەتە ئیسلامیەکان بەگشتی بەرامبەر ڕووداوەکانی فەلەستین و چیچان. . . . هتد چەند هۆکارێکی کە ١١ سبتێمبەری خوڵقاند.**

**هەرچەندە چەند شیکەرەوەیەکی سیاسی و چەند کەسایەتیەک بەسەرکەتنێکی ئیسلامیان دانا بەسەر ئەمریکادا کە بۆ یەکەمین جار بوو جەنگ برایە ناو سەنتەری ئەو وڵاتەوە، بەڵام دەتوانرێت بەسەرکەوتنێکی کاتی بژمێردرێت.**

**١١ سبتێمبەر بۆ ساتێک دووژمنەکانی ئەمریکای لە نێو شەقامی ئیسلامیدا دڵخۆش کرد بەڵام ئەو ڕووداوە بوو کە دەستی ئەمریکای کردەوە بۆ داڕێژانی نەخشەو پلانی نوێ بەپێی مەبەستی خۆی، چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگای ئەمریکی یەکیان گرت و یەک دەنگی لە نێو شەقامەکانیان دروست بوو، هەروەها ئەو ڕوداوە بوە هۆی پێناسە کردنی ووشەی (تیرۆر) بۆ ڕۆژئاواییەکان بەو شێوەیەی کە بەر ژەوەندیەکانیان دەخوازێت.**

**جەنگ بردنەناو ئەمریکاوە ڕێگای بۆ پەنتاگۆن کردەوە کە چەندین پلانی جەنگ دانی بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی، هەرچەندە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە هەردوو وڵاتی ئەفغانستان و عێراق سوودمەند بون لە گۆڕانکاریەکانی دووای ١١ سبتێمبەر**

**<u>ئەنجام</u> ١١ سبتێمبەر ئەمریکا سوودمەندی گەورە بوو لەو ڕووداوە، وە بووە پاساوێک بۆ ئەو پلانانەی کە پاساوی نەبوو، جیهانی ئیسلامی و جالیەی ئیسلام لە ڕۆژئاوادا زەرەر مەندی یەکەم بوون بۆ نمونە پارتەڕاستڕەوەکانی ئەورپا لە مێژبوو هەوڵیان دەداو خۆزیار بوون ڕووی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناشرینکەن وەک تیرۆریست و بەجێماو لە مێژوو بیانناسێنن بەڵام بەڵگەی دیار و لەبەرچاو کە پاڵپشتی بۆ چونەکانیان بکات لە بەردەمیاندا نەبو بەڵام ١١ سبتێمبەر بووە باشترین بەڵگە بەدستیانەوە کە بەردەوام باسی لێوەدەکەن و بیری هاوڵاتیەکانیان بخەنەوە، بەدەست هێنانی دەنگێکی زۆرلە هەڵبژاردنەکاندا باسترین بەڵگەیە.**

**<u>بەکورتی</u> هیچ شکێک لەوەدا نیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهێزترین دەوڵەتی جیهانە لە ڕووی سەربازی و سیاسی و ئابووریەوە بەڵام سەرەڕای ئەو هێزە گەرەیەش ئەمریکا ناتوانێت بەبێ هۆو پاساو جەنگ بەرپابکات و دەووڵەتان داگیر بکات، ئەو دوو کەسەی کە بە ڕابەری ئیسلام ناسراون (سەدام و بنلادن) گەورەترین پاساویان خستە بەردەم حکومەتی ئەمریکی بۆ جێبەجی کردنی پلان ونەخشەکانیان.**

**ماوەیەک دەبێت میدیاکان لەلایەن (سەدام حسێن و ئوسامە بنلادن) ەوە داگیرکراوە وەلەنێو شەقامی ئیسلامیدا بە دوو سەرکردەی بەهێزی ئیسلامی ناودەبرێن بەکوێرانە وێنەکانیان بەرز دەکرێتەوە و بەنەزانی خۆیان پشگیریان دەکەن پێیان وایە کە تەنها ئەوان توانیویانە بەرامبەر ئەمریکا ڕاوەستن و خزمەت بەڕێگای ئیسلام بکەن بەڵام تەواو پێچەوانەکەی ڕاستەو تەنها ئەوان بوون کە خزمەتی باشی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایان کرد زیانی گەورەیان بە دینی ئیسلام گەیاند جا بەڕاستەوخۆ بێت یا بە نا ڕاستەوخۆ.**

shadmansalih@hotmail. com
**دانیمارک**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.